# هۆكاری ئەنۆمیی كۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی تیۆری مێرتۆنەوە

**ID No.2633**

(PP 199 - 211)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.3.12

**فائیز ئیبراهیم محەمەد**
کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی/
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
faezco@yahoo.com

**تاهر حسۆ زێباری**
کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی/
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
tahir.zebari@su.edu.krd

**ئەحمەد محەمەدپوور**
زانکۆی ماساچۆسێت / ئەمهێرستی
ئەمریکا، بەشی ئەنترۆپۆلۆژی
amohammadpour@umass.edu

**وەگـــــرتن : 2019/02/03**

**پەسندکردن : 2019/04/16**

**بڵاوکردنەوە : 2019/06/20**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی بەسەرداچوونەوەیەکی تیۆریك بۆ "تیۆری ئەنۆمیی مێرتۆن" بکات و لە ژێر ڕۆشناییەکەیدا، هۆکارەکانی ئەنۆمیی کۆمەڵایەتی و تاوان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان بخاتەڕوو. میتۆدی بەکارهاتوو لەو توێژینەوەیەدا، میتۆدی تێکەڵاوە و بە سوودوەرگرتن لە داتای دووەمینیی چەندایەتی (ئامار و بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی حکوومەتی هەرێم) و چۆنایەتی (پێداچوونەوەی سیستماتیکی دەق و شیکردنەوەی ناوەرۆکی کتێبەکانی مێرتۆن)، هەریەك لە هۆکارەکانی "ئاڵۆزی و شڵەژانی بنیاد و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی" و "نەهاوسەنگی و نەگونجان لە نێوان ئامانجە کولتوورییەکان و ئامرازە دامەزراوەییەکان" هۆی سەرهەڵدانی دۆخی ئەنۆمیك و بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان و لادانە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان. ژمارەی تاوانەکان (61,322 حاڵەت) لە ساڵی 2017دا، کە ئاماری ڕەسمیی ئەنجومەنی دادەورانی هەرێمن، بە یارمەتیی تیۆری مێرتۆن قابیلی تەفسیر و شیکردنەوەن. خوێندنەوەی ئەم جۆرە تیۆرانە بە تایبەتی ئەوانەی کە لێکۆڵەران و کۆمەڵناسان دەتوانن هۆکاری تاوانەکان پێ تەفسیر و شی بکەنەوە، بۆ کۆمەڵناسان و پلاندارێژەران زۆر پێویست و گرنگە.

**وشە سەرەکییەکان:** ئەنۆمی، مێرتۆن، بنیادی کۆمەڵایەتی، بێپێوەری، تاوان و لادانی کۆمەڵایەتی.

## پێشەکی

هەموو کۆمەڵگایەك خاوەن کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای ڕەسمی و ناڕەسمییە؛ وەك: دین و ئەخلاق و کولتوور و دابونەریت و پێوەر و بەهای کۆمەڵایەتی، کە ئەرکیان ڕێکخستنی بەشەکانی کۆمەڵگا و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەندامانی کۆمەڵگاکەیە. ئەم بەها و پێوەرانەن کە دیاری دەکەن ئەو ڕەفتارە، کردەوەیەکی پەسەند و باشە، یان خراپ و ناپەسەند؛ ئەخلاقییە یان نائەخلاقی؛ قەدەغەکراوە یان ڕێگەپێدراو؛ تاوانە یان ئاسایی. پەیڕەوکردنی ئەم پێوەرانە دەبێتە هۆی ڕێکخستن و یەکانگیری و ڕێکوپێکی و سەقامگیریی ئەو کۆمەڵگایە. بەڵام دەبینین کە زۆر جار تاکەکان بە گوێرەی ئەم پێوەر و بەهایانە لە پەیوەندییەکانیاندا، لە دامەزراوە ڕەسمی و ناڕەسمییەکاندا ناجووڵێنەوە و تەنانەت هێڵە سوورەکانیش دەبەزێنن و مافی یەکتریش پێشێل دەکەن. ئەمە ڕێك ئەو دۆخەیە کە کۆمەڵناسان پێی دەڵێن "دۆخی ئەنۆمیك"، کە بە گشتی "بێسەروبەریی کۆمەڵایەتی" و تاوان و لادانە کۆمەڵایەتییەکانی لێ دەکەوێتەوە (بهرامی، [1383] 2004: 101). لە دۆخی ئەنۆمیکدا، پێوەرەکان هێزی ڕێکخستنی ڕەفتاری تاکەکانی پێ نامێنێ، کۆمەڵگا تووشی شڵەژان و پشێوی دەبێت. پاتاییەکەی ئەنۆمی، جگە لە لادان و پێشێلکردنی یاسا ڕەسمییەکان، یاسا ناڕەسمی و ئەخلاقی و نەریتی و دینییەکانیش دەگرێتەوە (رفیعپور، [1378] 2000: 56-57).

کەواتە مەبەست لە ئەنۆمی، ڕەوشێکی بێیاسا و بێڕێسایە کە تاکەکان ناتوانن لەسەر بنەمای "سیستمێك لە ڕێسا و پێوەری هاوبەش" لەگەڵ یەکتر مامەڵە بکەن و لە ئەنجامدا کۆمەڵگا لە یەکتر دەترازێت. ئەنۆمی دەشێ هەموو ڕەهەندی کۆمەڵگا وەك سیستمی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و تەنانەت تاکەکەسیش بگرێتەوە (Ortmann, 2000: 112).

لەم توێژینەوەیەدا، جگە لە تاوتوێکردن و بەسەرداچوونەوەیەکی تیۆریك بۆ تیۆری ئەنۆمیی مێرتۆن، دەمانەوێ یەکێك لە نیشانەکانی دۆخی ئەنۆمیك، کە بریتییە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان و لادانە کۆمەڵایەتییەکان، لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕوانگەی ئەو تیۆرەوە تەفسیر بکەین.

بێگومان، دەکرێ جگە لە تیۆری ئەنۆمیی مێرتۆن، کۆمەڵێك تیۆری دیکە کە هۆکاری تاوان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان تەفسیر دەکەن، بخرێنە بەر باس؛ بەڵام ئەوەی مێرتۆن باسی دەکات، لە ئاستی ماکرۆ (Macro)دا بە دوای هۆکاری تاواندا دەگەڕێت؛ واتە ئۆباڵی تاوانەکان دەخاتە ئەستۆی بنیادی کۆمەڵگا و سیستمەکانی، بەڵام تیۆرەکانی دیکە بە تایبەتی ئەوانەی لە کۆمەڵناسیی تاواندا بەناوبانگن، لە ئاستی مامناوەند (وەك: هۆکاری خێزان، قوتابخانە، هاوەڵێتی لەگەڵ هاوڕێی خراپ، وردەکولتووری گرووپە لادەرەکان) یان لە ئاستی مایکرۆ (Micro) و تاکەکەسیدا (وەك: هۆکاری نەخۆشییە دەروونی و جەستەییەکان) بە دوای تەفسیرکردنی تاوان و لادانە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگەڕێن، کە ئەم توێژینەوەیە، تایبەتە بە ئاستی یەکەمی شیکردنەوە کە ئاستی گەورە و ماکرۆیە.

یەکەم) کێشە و پرسیاری توێژینەوە:

بۆ یەکەمجار "دۆرکهایم" ــ یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسی ــ وشەی "ئەنۆمی"ی هێنایە ناو کۆمەڵناسییەوە و دواتر بە هۆی هەوڵەکانی ڕۆبێرت مێرتۆنەوە ئەم تیۆرە پەرە پێ دەدرێت و ئێستایش وەک چەمکێکی سەرەکی لەم زانستەدا بەکار دێت. بە بۆچوونی مێرتۆن، ئەنۆمی بریتییە لە دۆخێکی شڵەژاوی کە بگاتە ئەو ڕادەی هاوسەنگی و گونجان لە نێوان ئامانجەکان و ئامرازەکانی گەیشتن‌بەئامانج تێك بچێت. لیرەوەیە کە بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا تووشی داڕمان دەبن و تاکەکان هەست دەکەن چیتر ئەو بەهایان بۆیان گرنگ نین و بە پێیان ناجووڵێنەوە؛ لە وەها دۆخێکدایە کە ڕێژەی تاوان (وەکو: کوشتن، دزی، گزی، گەندەڵی، بەرتیل، قاچاخیکردن، دەستدرێژی) و کێشە کۆمەڵایەتییەکان (وەکو: خۆکوژی، تەڵاق، داوێنپیسی، خووگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان و هەژاری) بەرز دەبنەوە (آبادینسکی، 2003: 14)؛ کەواتە ژمارەی بەرزی تاوان و لادان و هەورەها کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگایەك، نیشانەی نرخی باڵای دۆخی ئەنۆمیکە لەو کۆمەڵگایە. گەر سەیری ئامارەکانی تاوان و لادانە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستانیش بکەین، بە پێی تیۆری مێرتۆن بێت، ئەنۆمی لە کوردستان بوونی هەیە؛ بۆ نموونە:

ژمارەی تاوان (الجريمة) و کەتن (الجنحة) لە ساڵی 2017 لە هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان بە تێکڕایی (61,322) کەیس بووە؛ بەم شێوەیە: (هەولێر: 18,052)؛ (سلێمانی: 24,636)؛ (دهۆك: 18,634) (ئەنجوومەنی دادوەری، 2017).

کەواتە لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێ بگەینە وەڵامی ئەو پرسیارەی خوارەوە:

هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بە پێی تیۆری ئەنۆمیی مێرتۆن چین؟

**دووەم) گرنگیی توێژینەوە:**

بە سەرنجدانێك بە ژمارەی تاوان و لادانەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خوێندنەوەی ئەم جۆرە تیۆرانە بە تایبەتی ئەوانەی کە لێکۆڵەران و کۆمەڵناسان دەتوانن ئەم دۆخەی پێ ڕاڤە و تەفسیر بکەن، گرنگییەکی زۆری هەیە؛ چونکە لێکۆڵینەوەکان دەردەخەن، بۆ بەرەنگاریی تاوان و لادان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بەبێ هەبوونی پلان و نەخشەڕێگەیەکی زانستی کە هەردووك لایەنی تیۆری و پراکتیکیی بگرێتەخۆ، ئەستەمە ئامانجەکە بگاتە ئەنجام؛ کەواتە ئەم لێکۆڵینەوەیە و لێکۆڵینەوە هاوچەشنەکانی دیکە لەم بواردەدا لە "ڕووی عەمەلییەوە" بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، سوودێکی زۆری لەگەڵ خۆی دەهێنێت و ڕاسپاردە و ڕێگەچارەی گونجاویش بۆ پلاندارێژان و توێژەرانی دیکە دەستەبەر دەکات. "لە ڕووی زانستی"شەوە، ئەم چەشنە توێژینەوانە دەتوانێت ڕێچکەیەی نوێ لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستاندا بکاتەوە؛ بە تایبەتی لەم بوارەدا کە بابەتی ئەنۆمییە لە ڕوانگەی مێرتۆنەوە. هەتا ئێستایش توێژینەوەیەکی زانستی لە کوردستاندا کە بابەتی ئەنۆمیی مێرتۆن شی بکاتەوە، نەکراوە و ئەوەی هەیە، کۆمەڵێک توێژینەوەی کەم تا زۆر بەنرخن لە سەر کۆمەڵێك بابەتی پەیوەست بە "خەسارناسیی کۆمەڵایەتی" (Social Pathology)؛ کەواتە ئەم توێژینەوە دەتوانێت بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی زانستی لەم بوارەدا زۆر پێویست و گرنگ بێت.

### سێیەم) ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجمان لەم توێژینەوەدا ئەوەیە کە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ تیۆری ئەنۆمیی مێرتۆن بکەین و لە میانەی پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی مێرتۆن و شیکردنەوەی ناوەرۆکیان، ئەو هۆکار/هۆکارانە دەستنیشان بکەین کە بووەنەتە هۆی دروستبوونی ئەنۆمی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان و لادانە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان.

### چوارەم) میتۆدۆلۆژی:

لەم توێژینەوەیەدا، بۆ شیکردنەوە و تەفسیری ڕێژەی تاوان و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان، "میتۆدی تێکەڵاو" (Mixed Method) بەکار هاتووە؛ میتۆدی تێکەڵاو بریتییە لە تێکەڵکردنی ڕێبازی چەندایەتی و چۆنایەتی کە دەکرێ دوو پارادایمی پۆزیتیڤیزم و تەفسیرگەرایی تێکەڵ بکرێت و تەفسیرێکی گونجاو بۆ دیاردەکان بکرێت (محمدپور و دیگران، [1389] 2010: 79)؛ چۆنکە ئەو توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە داتا دووەمینەکانی چەندایەتی و چۆنایەتی. "داتای دووەمینی" (Secondary Data)، ئەو داتا و زانیارییانەیە کە بە هۆی لایەنێکی دیکە کۆکراوەنەتەوە و توێژەر ئەو داتایانە وەك دەستەدوو بەکاری دەهێنێت؛ داتای دووەمینی لە سەرچاوەی دیکە وەك زانیاریی بەردەست لە بەڵگەکان، لێکۆڵینەوە پێشووەکان، ئامارە ڕەسمییەکان، ئامارە ناڕەسمییەکان و بەڵگە ڕێخراوەییەکان بەدەست دەکەون؛ هەرچی "داتای یەکەمینی"یە، لێکۆڵەر خۆی لە ڕێگەی تێبینیکردن، گفتوگۆ یان پرسیارنامەوە بەدەست دەهێنێت (خاکی، [1382] 2003: 239).

داتا چۆنایەتییەکانی ئەم توێژینەوەیە، لە ڕێگەی بەسەرداچوونەوەی کتێب و نووسینەکان (Literature Review)ی مێرتۆن خۆی و زانایانی دیکە کە تەفسیر و لێکدانەوەیان بۆ ئەو تیۆرە کردووە، کۆ کراوەنەتەوە و بە پشتبەستن بە میتۆدی "شیکردنەوەی ناوەرۆك" (Content Analysis) بۆچوونەکانی مێرتۆن لەبارەی ئەنۆمییەوە لێك دەدرێنەوە. شیکردنەوەی چۆنایەتیی ناوەرۆك، شێوازێکی لێکۆڵینەوەی چۆنایەتییە بۆ تەفسیری زەینی و فکریی دەق و وتارەکان، لە ڕێگەی پۆلێنبەندیکردنی سیستماتیك، کۆدینگ و لێکدانەوەیان (Hsieh & Shannon, 2005: 1277). هەڵبژاردنی نموونەی دەق و ناوەرۆکەکانیش، بە شێوەی "پێداچوونەوەی ناهەڕەمەکی و سیستماتیك" (Systematic Review) بووە؛ واتە توێژەر ئەو بەشە لە تێکست و دەقەکان کە پەیوەندی بە پرسیاری توێژینەوەکەیەوە هەبووە، لە هەموو نووسین و ئاسەوارەکانی مێرتۆن کە باسی ئەنۆمییان کردووە، کۆ کردووەتەوە و دوای هەڵهێنجان و پاڵێورانیان، ئەوانەی کە توێژەر مەبەستیەتی و لەگەڵ بۆچوونەکانی توێژەر یەك دەگرنەوە، بەبێ دەستکاری و گۆڕینی دەق، پێشکەش دەکات.

داتا چەندایەتییەکانیش، کە لەو توێژینەوەیەدا، لە دامەزراوە ڕەسمییەکانی هەرێمی کوردستان وەك ئەنجومەنی دادوەران، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ناوخۆ وەرگیراون. توێژەر هەوڵ دەدات لە تێکهەڵکێشکردنی ئەم داتایانە، بگاتە تەفسیر و ڕاڤەیەکی گونجاو و زانستیانە بۆ هۆکاری ڕێژەی بەرزی تاوان و لادانە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێم بە پێی ئەم تیۆرەوە؛ واتە لە شیکردنەوەی داتا چۆنایەتی و چەندایەتییەکان لە شێوازی دیزاینی میتۆدی تیکەڵاوی ڕاڤەی زنجیرەیی (Explanatory Sequential Mixed Method Design) سوود وەردەگرێت، کە یارمەتیی توێژەر دەدات، داتا چەندایەتییەکانی خۆی (کە لێرە ئامارەکانی دەستی دووەمە)، لە ژێر ڕۆشنایی داتا چۆنایەتییەکانی (کە لێرە دەق و نووسینەکانی مێرتۆنە) شی بکاتەوە.

### پێنجەم: پێداچوونەوەی تیۆریك (تیۆری ئەنۆمیی مێرتۆن):

#### 1) چەمکی ئەنۆمی لای مێرتۆن:

ڕەگوڕیشە زمانەوانییەکەی وشەی "ئەنۆمی/Anomie"، خۆی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی لاتینیی "نۆمۆس/Nomos" بە واتای "قانوون/ یاسا". پێشگری "ئا/A" بە واتای "بێ" دەمانگەیێنێتەوە واتای "بێیاسایی"؛ کەواتە لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەنۆمی بە واتای بێیاسایی یان بێپێوری و نەبوونی نۆرمە. "ڕۆبێرت کینگ مێرتۆن"[1] و کۆمەڵناسە ئەمریکییەکان لەگەڵ ئەو واتایە ڕێکن (Merton,1968: 226). لە بەرامبەر ئەنۆمیدا، وشەی "سینۆمی/Synnomie" هەیە کە باسی کۆمەڵگا یان دۆخێکی کۆمەڵایەتی دەکات کە تێیدا "هۆشیاریی کۆیی/ الوعی الجمعی" و "یەکانگیریی کۆمەڵایەتی" لە ئاستێکی بەرزدایە و، تۆڕێکی بەهێز لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرمایەی کۆمەڵایەتیی بەرفراوان لە ئارادایە کە لەبەر چەند هۆکاری وەك هەبوونی سیستمی بەهێزی خێزان، پێوەرە کولتوورییەکان، پابەندییە ئایینییەکان، یاسا و ڕێسای تۆکمە و... بە دۆخێکی سینۆمی یان نائەنۆمیک دەوڵەمەند دەبن (Borgetta, 2000: 201).

---

"مێستروڤیچ" پێی وایە کە کۆمەڵناسان سەرنجیان نەداوەتە ڕیشەناسی(Etymology)ی چەمکی ئەنۆمی. بە ڕای ئایینناسە مەسیحییەکان، وشەی "ئەنۆمیا/Anomia" لە ئینجیل بە مانای "گوناه" هاتووە کە بریتییە لە داوێنپیسی، گەندەڵی، لادانی ئەخلاقی و جۆرەها ئیهانە و سووکایەتی بە شتە پیرۆزەکان؛ کەواتە ئەنۆمیا لە ئینجیلدا هیچ پەیوەندییەکی بە "یاسا/Nomos "ــەوە نییە، بەڵکو مەبەست لێی، ئاماژە بەو نەتەوانە بووە کە لە شەریعەت یان یاسای خوا لایان دابوو و جۆرێك لە سەرکێشی و لووتبەرزی دژ بە خوا لێی تێدەگەیشتن. یۆنانییە کۆنەکانیش، چەمکی "a-nomos"یان وەك سفەتێك بۆ مانای "بێیاسا" و "کافری بێدین" بەکار دەبرد، بەڵام پێناسەی ئەوان بۆ یاسا وەك ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە بەکاری دەبەین نەبوو؛ تەنانەت لە زمانی ئینگلیزیی کۆنیشدا، ئەنۆمی بە مانای خراپی و نەگریسی و گوناه بووە؛ نەك بێیاسایی یان بێپێوەری کە ئەمڕۆ باوە. وشەی ئەنۆمی بە مانای "بێپێوەری" و "پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێساکانی ئایین" لە زمانی ئینگلیزیدا لە ساڵی 1591 واتە زۆرتر لە 500 ساڵ لەمەوبەر بەکار هێنراوە و هەتا سەدەی 17یش بەردەوام بەو واتایە باسی لێ کراوە (Mestrovic, 1985: 124-126) .

بۆ یەکەمجار "دورکایم" ــ یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسی ــ وشەی "ئەنۆمی"ی هێنایە ناو کۆمەڵناسییەوە و ئێستایش وەک چەمکێکی سەرەکی لەم زانستەدا بەکار دێت. دوای دۆرکهێم، "ڕۆبێرت مێرتۆن"ی ئەمریکی گەشە بەو چەمکە دەدات، بەڵام لەو تێڕوانین و ڕێچکەیەی کە دۆرکهێم بۆ چەمکی ئەنۆمیی هەبووە، لا دەدات و ئەنۆمی بە دۆخێکی شڵەژاو ناو دەبات کە کۆمەڵگا بەرەوە بێپێوەری و بێسەروبەریی کۆمەڵایەتیی دەبات.

بە سەرنجدانێك بە هەموو ئەو تێڕوانینانەی کە لە پێناسەی "ئەنۆمی" بەدەست دەکەون، لە سەرچاوە ئینگلیزییەکان و ئەو زمانانەی کە کەوتووەنەتە ژێر کاریگەریی "کۆمەڵناسیی ئەمریکی"یەوە، زۆربەیان ئەنۆمییان وەك حاڵەت و دۆخێکی بێپێوەر، بێڕێسا، نارێك، لێکترازاو یان دژایەتیی نێوان پێوەر و نۆرمەکان پێناسە کردووە، کە لەگەڵ تێرمینۆلۆژی و ئەو مانایانەی کە مەبەستی دۆرکهێم بووە (ئەو کەسەی کە یەکەمجار ئەم چەمکەی لە کۆمەڵناسیدا بەکار بردووە)، جیاوازە. کۆمەڵناسە ئینگلیز زمانەکان، زۆرینەیان کەوتووەنەتە ژێر کاریگەریی "مێرتۆن"ـەوە (Merton, 1968: 188) و ئەنۆمییان هاوواتای چەمکەکانی سەرەوە پێناسە کردووە؛ کەچی ئەنۆمی لای دۆرکهێم بریتی بووە لە تێکەڵەیەك لە چەندین مانا و چەمکی پێکەوە گرێدراو، کە لە نووسینەکانیدا ئاماژەی پێ کردووە: گەندەڵیی ئەخلاقی، خراپی و شەڕ، گوناه، تاوان و لادان، ئیهانەکردن بە شتە پیرۆزەکان، ئانارشی و بەرەڵایی، سەرپێچی لە یاسا و ڕێسا، نادادگەری، بێئەخلاقی و نەخۆشی. (Durkheim, [1893] 1994: 7-11); (Durkheim, [1879] 1952: 300); (Durkheim, [1928] 1967: 74)

مێرتۆن دەنووسێت: "دۆرکایم هەوڵێکی ئەوتۆی نەداوە بۆ دەستنیشانکردن و پۆلێنبەندکردنی نیشانەکانی ئەنۆمی." (Merton, 1968: 218)؛ بۆیە خۆی پەرەی بە تیۆرەکەی دۆرکایم دا و، وای لێ کرد توێژینەوەی مەیدانی و ئەزموونیشی پێ بکرێت.

مێرتۆن ساڵی 1938، یەکەمین وتاری بەناوبانگی خۆی بە ناونیشانی *"بنیادی کۆمەڵایەتی و ئەنۆمی"*[2] بڵاو دەکاتەوە. ئەو وتارە توێژینەوەیەکی هەرە دەگمەن بوو کە لە مێژووی کۆمەڵناسیی ئەمریکادا بڵاو دەبووەوە؛ تەنانەت ئێستایش لە هەموو شوێنێکی دنیا، وەکو سەرچاوە دەگەڕێنەوە سەری؛ هەروەها لە لایەنی تیۆریکەوە، بووەتە سەرچاوەی بەشێکی زۆر لە تیۆرەکانی "تاواناسی"، "کۆمەڵناسیی تاوان" و "کێشەناسیی کۆمەڵایەتی". مێرتۆن، تیۆرە ئەنۆمییەکەی بە پەرەپێدەری تیۆرەکەی دۆرکایم دەزانێت و زۆربەی کۆمەڵناسانیش ئەو بابەتەیان قبووڵ کردووە، بەڵام هەندێکیشیان پێیان وایە مێرتۆن بە هەڵە لە تیۆرەکەی دۆرکهێم گەیشتووە و، تەنانەت هەندێك دەڵێن "دژایەتییەکی لۆژیك"ی لە نێوان ئەو دوو تیۆرەدا هەیە (Hilbert,1989:143). مێرتۆن لە وتارەکەیدا، تەنها بیرۆکەیەکی کاڵ لەو تیۆرە پێشکەش دەکات و لە وتار و نووسینەکانی دیکەیدا پەرەی پێ دەدات کە تا ڕادەیەك لە وتاری یەکەمی جیاوازە (Besnard,1978:4-5).

ساڵی 1949، وتارێکی نوێ لە کتێبی "دەربارەی کۆمەڵناسیی خێزان" بڵاو دەکاتەوە. ناونیشانی ئەم وتارە و هی ئەوەی پێشوو زۆر وێك دەچن: *"بنیادی کۆمەڵایەتی و ئەنۆمی: پێداچوونەوە و پەرەپێدان"*[3]، کە هەر بیرۆکەکەی جارانی بوو، تەنها بە هەندێك دەستکاری و وردبینی، دەوڵەمەندتری کردبوو. هەر ئەو ساڵە (1949) کتێبی *"تیۆریی کۆمەڵایەتی و بنیادی کۆمەڵایەتی"*[4] چاپ دەکات کە وتارە یەکەمەکەی خۆی (ساڵی 1938)یشی بەبێ دەستکاری تێدا بڵاو دەکاتەوە. ساڵی 1956، مێرتۆن و چەند کۆمەڵناسێکی دی کۆمەڵە چاوپێکەوتنیکیان دەربارەی تاوان و لادان بە ناونیشانی "ژینگەی کۆمەڵایەتی ــ کولتووری و ئەنۆمی" لێ بڵاو دەکرێتەوە.[5] ساڵێك دواتر (1957)، کتێبی "تیۆریی کۆمەڵایەتی و بنیادی کۆمەڵایەتی" دیسان لێ چاپ دەبێتەوە، کە ئەمجارەیان کەمێك ناوەرۆکی کتێبەکەی دەگۆڕێت و، ناونیشانەکەیشی دەکاتە *"بەردەوامێتی لە تیۆریی کۆمەڵایەتی و ئەنۆمیدا"*.[6] مێرتۆن ساڵی 1964، وتاری *"ئەنۆمی، ئەنۆمیا و کارلێکی کۆمەڵایەتی"*[7] کەیشی لێ بڵاو کرایەوە کە لە خۆی وەڵامی ڕەخنەکانی "دابین" و "کلووارد" بوو. ئاخر

بەرهەمی مێرتۆن و کۆتا ڤێرژنی تیۆرەکەی، ساڵی (1968) لە چاپی نوێی کتێبی "تیۆریی کۆمەڵایەتی و بنیادی کۆمەڵایەتی"دا دەهێنێ کە بە دڵنیاییەوە، فۆرمی هەرە کامڵ و پێگەیشتووی تیۆرەکەیەتی و، هەر ئەو تیۆرەشە کە لە بواری کۆمەڵناسیدا باو بووە و مێرتۆنی پێ دەناسرێتەوە(پێشوو، 4-11).

2) هۆکاری سەرهەڵدانی ئەنۆمی لە ڕوانگەی تیۆریی مێرتۆنەوە:

بۆ دەستنیشانکردنی هۆکاری دروستبوونی ئەنۆمی بەپێی تیۆریی مێرتۆن، دەتوانین سوود لەو بیروبۆچوونانەی مێرتۆن وەربگرین کە لە دوایین نووسینی واتە لە کتێبی "تیۆریی کۆمەڵایەتی و بنیادی کۆمەڵایەتی"دا (1968) هێناویەتی:

لە نووسینەکانی دۆرکهێمەوە دەتوانین دوو هۆکاری سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی ئەنۆمی هەڵێنجێنین کە بریتین لە: "گەشەی خێرای ئابووری" (Durkheim, 1952: 241) و "تێرنەبوونی ئارەزوو و هەوەسی سەرکێشی تێرنەخۆری زیادەخوازی ناخی مرۆڤ" (Durkheim, [1925] 1974: 81). جیاوازیی تیۆرەکەی مێرتۆن و ئەوەی دۆرکهێم لەوەدایە کە مێرتۆن بە پێچەوانەی دۆرکهێمەوە، ئەو دوو هۆکارەی پێ گرنگ نییە و پشتگوێ دەخات و زیاتر جەخت دەکاتە سەر فاکتەری بنیاد و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی؛ بە تایبەتی سیستمی کولتووری و کۆمەڵایەتی. مێرتۆن، ئەو بۆچوونەی دۆرکهێم ڕەد دەکاتەوە کە گوایە مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن هێزێکی سەرکێش و دانەمرکاوی زیادەخوازەی دەروونی بێ و، ئەمە تایبەتمەندییەی پێ وێنەیەکی ڕاستەقینەی مرۆڤ نییە و زیاتر بە کاریکاتێرێکی مرۆڤی دەزانێت؛ هەروەك دەونووسێ: *"ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ مرۆڤ پێك هاتووە لە کۆمەڵە هێزێکی چاوبرسی و سەرکێش، ئێستاکە دەڵێی کاریکاتێری مرۆڤە، نەك وێنە سروشتییە ڕاستەقینەکەی مرۆڤ."* (Merton, 1968: 190). بە پێچەوانەی بۆچوونی "تۆماس هۆبز" دەربارەی سروشتی مرۆڤ، مێرتۆن پێی وایە ڕیشەی لادانی مرۆڤ لە زات و ناخی مرۆڤدا نییە، بەڵکو لە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ؛ بگرە لە بنیاد و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندایە؛ هەر بۆیە مێرتۆن دەڵێ لەبری ئەوەی بپرسین بۆچی تاکەکان "تەبا/Conformity" دەبن و خۆیان دەگونجێنن، با بپرسین بۆچی ناتەبان و خۆیان ناگونجێنن. لەم دیدگایەوە، هۆکاری تاوان خەتای تاکی تێدا نییە، تاکو تامەزرۆیی و ئارەزووی تێرنەخۆری خۆی بە کۆتوبەندی یاسا و ڕێسا کۆنترۆڵ بکات، بەڵکو هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنیادە کۆمەڵایەتی ــ کولتوورییە ناکۆك و لێکترازاوە. بابەتی سەرەکی ئەوەیە کە بەشێک لە سیستم و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان چۆن گوشارێکی دیار دەخەنە سەر بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە، کە ئەو تاکانە لەبری تەبایی، دەبنە ناتەبا (p. 190).

وەکچۆن باس کرا، مێرتۆن "گەشەی خێرای ئابووری"یش بە هۆکار نازانێت؛ بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی گرنگییەکی زیاتر دەداتە بەشی کۆتایی پرۆسەی ئەنۆمی؛ واتە پاش بەریەککەوتنی هەژاری و دەوڵەمەندی و، هەستکردنی چینی هەژار بە پێداویستیی زیاتر، ئەگەر دەرەتان و ئیمکانات و ڕێگای دابینکردنی ئەو پێداویستیانە، سنووردار یان داخراو بن، ئینجا ئەنۆمی لە پێوانەی جۆراوجۆردا سەرهەڵدەدات (p. 191)؛ کەواتە بە بۆچوونی مێرتۆن پێدەچێت "گەشەی ئابووری" نەبێتە بەربەست بەو مەرجەی ئیمکانات بۆ هەمووان دابین بکرێت.

مێرتۆن دەڵێ: *"دوو توخم لە بنیادی کۆمەڵایەتی ــ کولتووری گرنگن... ئەو دوو توخمە لە شیکردنەوەکان لە یەکتر جیان، بەڵام لە دۆخی عەینی و واقیعیدا بە تەواوەتی لەگەڵ یەکتر تێکەڵن: ئامانجەکان و ئامرازەکان."* (p. 191).


هەروەها دەڵێ: *"ئامانجەکان، مەبەست و ئاواتەکانن... کە کولتووری کۆمەڵگا پێناسە و دەستنیشان دەکرێن و بۆ هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە یان بەشێك لە تاکەکانی، دەبێنە ئامانجی ڕەوا و پەسەند... ئەو ئامانجانە دەبنە پێوەر و ژێدەر (مەرجەع) بۆ ڕەفتارەکانیان؛ واتە شتانێکن کە ئەوەندە بەهایان هەیە کە تێکۆشانی مرۆڤ لەپێناویاندا، بە پاساوێکی بەهێز دەزانرێ."* (p. 192).

مێرتۆن، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێ و دەنووسێت: *"توخمی دووەم (ئامراز)... شێوازی قبووڵکراوی گەیشتن بەو ئامانجانە دەستنیشانی دەکات؛ ئەو شێواز و ڕێسایانە، ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی دابونەریتی ئەخلاقی یان دامەزراوەکان... کە نیشاندەری ڕێگە و شێوەی ڕەوای چۆنیەتیی گەیشتن بەو ئامانجانەیە... ڕێگای وەك زۆرەملێ و فریودان و سەپاندنی هێز، لە دەرەوەی ڕەفتاری ڕەوایە."* ( p. 192).

لەبارەی چۆنیەتی ڕوودانی ڕەفتاری لادەرانە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێ: *"تاوان و لادان، کاتێك ڕوو دەدات کە گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراوی کولتووری، ببێتە بابەتێکی زۆر پێویست و زەروور، بەڵام تاك بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، ناچار بێت پەنا بباتە بەر ڕێگە و نۆرمێکی تەکنیکی و داتاشراو، نەك ڕێگەی باو و نۆرمی دامەزراو... هەر کۆمەڵگایەك کە لە نێوان ئامانجە کولتوورییەکان و ڕێگا و ئامرازە دامەزراوەکانیدا، باڵانس و هاوسەنگی هەبێت، کۆمەڵگایەکی تا ڕادەیەك سەقامگیر و جێگیرە؛ هەرچەندە کە بەردەوام لە حاڵەتی گەشەکردن و پێشکەوتنیشدایە."* ( p. 192).

کەواتە مێرتۆن، بەو شێوەیە ئەنۆمی لە ڕەهەندی جیاوازدا شی دەکاتەوە. ئەو، زیاتر جەخت دەکاتە سەر تێکچوونی پەیوەندیی نێوان "ئامانج" و "ئامراز"ی ڕەوای دەستڕاگەیشتن. بە بۆچوونی مێرتۆن، لادان بەستراوەتەوە بە جیاوازیی نێوان:

1. ئامانجی سەرچاوەگرتوو لە کولتوور و،
2. ئامرازی دەستڕاگەیشتن بەو ئامانجە و،
3. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توێژەی کە تاك ئەندامیەتی؛ بە واتایەکی سادەتر:





**واتە ئەگەر: A>B= ئەنۆمی**


بە بۆچوونی مێرتۆن، ئەنۆمی، تێکشکانی پێکهاتە و بناغە و بنیادی کولتوورییە. دۆخی ئەنۆمیك کاتێک دێتە ئاراوە کە کەلێنێك بکەوێتە نێوان ئامانجەکان و ڕێسا کولتوورییەکان (پێداویستی و بەها کۆمەڵایەتییەکان) و ئەو ئامرازانەی کە لە توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی هەڵیدەبژێرێت و دەیکاتە ڕێگای گەیشتن بە ئامانج. لە کۆمەڵگەی جێگیر و سەقامگیردا، لە نێوان ئامانجە کۆمەڵایەتی- کولتوورییەکان و ئامرازی ڕەوای گەیشتنەئامانجدا هاوسەنگی هەیە. ئەنۆمی ئەو کاتە سەر هەڵدەدات کە ئەو هاوسەنگییە لارەسەنگ ببێت.

مێرتۆن دەڵێت: *"کە لە نێوان ئامانجی کولتووری (وەکو سەرکەوتن، دەسەڵات و دەوڵەمەندی) و ئامرازی باو و دامەزراوی گەیشتنەئامانج (وەکو: بڕوانامەی خوێندن، هەبوونی ناسیاو و دۆستانی دەسترۆیشتوو...)دا ناهاوسەنگی هەبێت، لە بارێکی وادا ئەو کەسانەی لە بنیادێکی کۆمەڵایەتیدا کەوتوونەتە ژێر گوشارەوە، ڕەنگە زیاتر ڕەفتاری لادەرانە بکەن."* (p. 192 ).

دەکرێ تیۆرەکەی مێرتۆن بەو شێوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:




**ئەنجام:**




کەواتە مێرتۆن ناڕێکی و یەکنەگرتنەوەی ئامانج و ئاوات و بەها کولتوورییەکان لەگەڵ ئامراز و ڕێگا ناسراوەکانی گەیشتن بەو ئامانجانە، وەک جۆرە دژایەتییەك دەبینێت کە لە نێوان تاک و بنیادی کۆمەڵایەتیدا هەیە و بە دۆخی ئەنۆمیکی دەزانێت. بە ڕای

مێرتۆن، ئەمە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەرهەم و هەڵقوڵاوی "بنیادی کۆمەڵایەتی"یە. ئەو پێی وایە، سیستم و بنیادە کۆمەڵایەتییەکەی هەندێک کۆمەڵگا(بەتایبەت کۆمەڵگای سەرمایەداری ڕۆژئاوا) لەسەر بنەمای نایەکسانی و جیاوازیخستن ڕاوەستاوە و لە باری چینایەتییەوە کۆمەڵگەکەیان یەکدەست و هاوشێوە نییە. لەو وڵاتانەدا هەموو چینێك کەوتوونەتە بەر تەوژمی بانگەشەی بەهای نوێ، بەڵام ئامراز و ڕێگای گەیشتنەئامانج بە یەکسانی بۆ هەمووان دابین نەکراوە یاخود بە هەموو کەس دەستەبەر نابێت؛ واتە هەندێ کەس دەرفەتی بۆ ڕەخساوە و ئەوانی دی لێی بێبەشن (محسنی، [1372] 1993: 116). بە ڕای مێرتۆن، هەتا ئەندامانی کۆمەڵگا بە چەشنێکی تا ڕادەیەکی یەکسان، ئامانج و ئاواتەکان و هەروەها ڕێگا و ئامرازەکانی گەیشتنەئامانجیان بۆ دەستەبەر نەبێت، نابێ چاوەڕوان بین کۆمەڵگایەکی هاوسەنگ و ڕێکوپێك و نۆرماڵمان هەبێت. بە ڕای ئەو، ئەگەر یەک لەو دووانە (واتە ئامانج و ئامراز)، یان هیچکامیان لێ لەبەردەستدا نەبن، یاخود سنووردار کرابێتنەوە، ئەوا تاك هەموو جۆرە کردارێکی نائاسایی و ئەنۆمیك و لادەرانەی وەک خراپەکاری و تاوانی لێ چاوەڕوان دەکرێت. کە کۆمەڵگا هەموو تاکێکی بەرزەفت و کۆنترۆڵ کرد، تاک هەست بە جۆرە "بێدەسەڵاتی"یەك دەکات، ئا لێرەوەیە ئامانج و ئامراز هیچکامیان لای تاك بایەخ و نرخی نامێنێت و، هەست بە جودایی و "گۆشەگیری" دەکات و لە کۆمەڵ دادەبڕێت. ئەگەر تاک بەها و نۆرمەکانی کۆمەڵگای پێ پەسەند نەبێت [بەڵام ئامانجەکانی پێ ڕەوا بێ]، "بێپێوەری/ Normlessness" بۆی دەبێتە پێوەر. مێرتۆن لەو بڕوایەدایە کە ڕەنگە تاك هەرسێ ڕەهەندەکەی (واتە بێدەسەڵاتی، گۆشەگیری و بێپێوەری) لێ بەدیار بکەوێ، یان یەك دووانێکی لێ پەیدا ببێت (Merton, 1968: 192-193).

**مێرتۆن، لە بابەتی کارلێکی نێوان ئامانج و ئامرازی گەیشتنەئامانجدا، پێنج دەرهاوێشتەی لێ دەخوێنێتەوە:**

| جۆری پەرچەکرداری تاك<br>Typology | ئامانجی کولتووری<br>Cultural Goals | ئامرازی باو و دامەزراو<br>Institutionalized Means |
|---|---|---|
| 1) سازان | + | + |
| 2) داهێنان | + | - |
| 3) ڕەچاوکردنی ڕێوڕەسم | - | + |
| 4) گۆشەگیری | - | - |
| 5) شۆڕش و یاخیگەری | ± | ± |

(Merton, 1968: 194)

**سەرنج:** (+) بە واتای پەسەندکردن؛
(-) بە واتای ڕەدکردنەوە؛
(±) بە واتای ڕەدکردنەوەی دۆخی هەیی و داهێنانی شتی نوێ.

1) **سازان/ Conformity**: ئەگەر تاك هەم ئامانج (واتە: ئەو پێداویستییەی کولتوور و کۆمەڵگا لە تاکی کردووەتە ئامانج)ی پێ قبووڵ بێ و، هەم ئامرازی باوی بەدیهێنان، یان تێرکردنی ئەو پێویستیانەی پێ پەسەند بێ، لەگەڵ دۆخەکەدا دەسازێت و باری سازان دەخولقێت؛ بۆ نموونە: ئەگەر کوڕە دارتاشێک وەکو باوکی ببێت بە دارتاش و، بتوانێت بە ڕێگای باوی دارتاشی ئەو پێداویستییانەی دابین بکات، کە لە چوارچێوەی توێژەکەی خۆیدا دەبێ هەیبێ؛ یان کوڕە جووتیارێک لە گوندێکدا هەر ئەو ئاوات و پێویستییانەی هەیە کە لە نێو ژینگە و توێژەکەی خۆیدا باون و دەتوانێت بە ڕێگای باو پێیان بگات. هەڵبەت ڕوونە کە ئەو هاوسەنگی و هەماهەنگییە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا، یان لە نێو هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەیەکدا بەدی نایەت(p. 203).

2) **داهێنان/ innovation**: ئەو کاتەیە کە تاک، ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان (واتە هەموو پێویستییەکی سەرچاوەگرتوو لە کۆمەڵگە)ی پێ پەسەندە، بەڵام ئامرازی گەیشتنەئامانجی پێ گرنگ یاخود ڕەوا نییە؛ بەواتایەکی دی، ئامادە نییە بە ئامرازی بەردەست و ڕێگەپێدراوی باو بگاتە ئامانج؛ هەر بۆیە داهێنان دەکات و ئامرازێکی نوێ بۆ گەیشتنەئامانج دەدۆزێتەوە و، ڕێگایەکی دیکەی بۆ دەگرێتە بەر، کە ڕەنگە نە شەرعی بێ و، نە یاسایی و ئاسایی؛ بۆ نموونە: کەسێک پێی خۆشە دەستی ڕابگاتە نیعمەتە مادديیەکانی وەکو ماڵی ڕازاوە، کەلوپەل و ئۆتۆمۆبیلی جوان، پلەوپایە و ڕێزێکی بەرچاو لە کۆمەڵگەکەی خۆیدا، بەڵام ڕێگا باوەکانی گەیشتنەئامانجی پێ باش و ئاسان نەبێت و، تاقەتی پێ نەشکێت؛ بۆ نموونە

خوێندنی بۆ نەڕەخسێت یان لێی گران بێت، بە شوێن ڕێگەیەکی قەدبڕدا دەگەڕێت. مێرتۆن، زۆرترین بایەخی بەم بەشەی داوە.(p. 204 ).


3) **ڕەچاوکردنی ڕێوڕەسم / Ritualism**: لێرەدا تاک هیچ بڕوای بەو ئامانجانە نییە کە کۆمەڵگا کردوونیەتە ئامانج، بەڵام بە ناچاری ڕەچاوی دابونەریت یان یاسای کۆمەڵگا دەکات. مێرتۆن لەم بابەتەدا زیاتر ڕەفتاری کەسانی بورۆکرات وەکو نموونە دەهێنێتەوە، یان ئەوانەی وا ناوێرن تۆزقاڵێك لە شێوە و شێوازی باوی کۆمەڵگا لا بدەن و، لە بابەتی یاسایشدا هەموو وردەکارییەکی بۆ ڕەچاو دەکەن، بەبێ ئەوەی لە ناوەرۆکی یاساکەیش تێگەیشتنبێتن(p. 205 ). دەکرێ نموونەی دیکەش بهێنینەوە؛ بۆ نموونە: کەسێک دەچێتە شین و پرسەیەك، بەڵام نە باوەڕی بە دین هەیە و نە بەو ڕێوڕەسمەش! یان فەرمانبەری دامەزراوەیەک بە ڕێکوپێکی بەردەوام دەچێتە سەر کارەکەی، بەڵام هیچ باوەڕی بەو ڕێکخراوە و ئامانجەکانی نییە. یان سەرنجی ئەو سەرباز و پاسەوانە بدە وا لە رووی ناچارییەوە ئەرکی خۆی دەکێشێ و، ڕەنگە هەر بڕواشی بەو سوپایە و هێزە نییە کە خزمەتی دەکات! ئەو چەشنە کەسانە بە ناچاری خۆیان دەگونجێنن.

4) **گۆشەگیری/ Retreatism**: لێرەدا تاک نە ئامانجەکانی قبووڵە نە ئامراز و ڕێگاکانی گەیشتنەئامانج. ئەو کاتەی وا تاک هیچکامیانی پێ پەسەند نەبێت، ئەوا بە کردەوە لە بازنەی ژیانە کۆمەڵایەتییە ئاساییەکە دەچێتە دەرەوە و، لە ئەنجامدا دڵسارد و بێهیوا دەبێت و هەست بە شکست دەکات و هیچ ئامراز و ئامانجێکی نوێیشی پێ شك نایەت بیخاتە جێیانەوە؛ بۆ نموونە: توێژی خووگرتەی بەنگەمەنی، هیپی و ڕاپەکانی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان.(p. 207 ).

5) **شۆڕش و یاخیگەری/ Rebellion**: لێرەیشدا هەروەک بابەتی پێشوو تاک نە ئامرازەکانی پێ قبووڵە، نە ئامانجەکان؛ بەڵام وەکو ئەوان، دەستەوئەژنۆ لێی دانانیشێت و هەوڵ دەدات ئامانج و ڕێگە و ئامرازی نوێ بیبنێتەوە. (p. 209 ).

لەو تایپۆلۆژییەی مێرتۆندا، بێجگە لە سازان، ئەوانی دیکە کۆمەڵە دەرهاویشتەیەکی بەرهەمی بارودۆخی ئەنۆمیکن؛ ئەو چوار حاڵەتە لە ڕوانگەی مێرتۆنەوە چوار بابەتی گرنگن کە هەرکامەیان گەلێک لادان و تاوان و بابەتی کۆمەڵایەتییان پێ ڕوون دەکرێتەوە (گیدنز، [1383] 2004: 160).

دایاگرامەکەی خوارەوە، کورتکراوەی تیۆری مێرتۆنە:



**شەشەم) گفتوگۆ:**

بۆمان دەرکەوت کە هۆکاری ئەنۆمی و بەرزبوونەوەی تاوانکاری و لادانە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی نووسینەکانی میرتۆن، بریتین لە:

گۆڕان و شپرزەیی لە بنیادی کۆمەڵگا بە تایبەتی لە بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، هەورەها نەگونجان و ناهاوسەنگی لە نێوان ئامانجە کولتوورییەکان و ئامرازە دامەزراوەییەکان.

بێگومان، تیۆرەکەی مێرتۆن، ڕوونکردنەوەیەکی زۆر بەسوودە بۆ تەفسیرکردنی دیاردەی ئەنۆمی و دەرخستنی هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان لە هەرێمی کوردستان.

ئەو ژمارە بەرزەی تاوان و لادانە کۆمەڵایەتییەکان (کە پیشتر باسمان لێوە کرد)، ئەویش لە هەرێمێکی بچووکی وەك کوردستان کە نزیکەی 6 ملیۆن کەس دانیشتووانی هەیە (دەستەی ئاماری هەرێم، 2019)، بۆ کۆمەڵناسان زەنگێکی مەترسیدارە و پێویستە تەفسیرێکی زانستیانە و گونجاو بۆ ئەو دیاردەیە بکرێت لە پێناو کۆنترۆڵکردن یاخود کەمکردنەوەی ئەم ڕێژەیە.

گەر بە پێی تیۆرەکەی مێرتۆن دۆخی ئەنۆمیکی هەرێمی کوردستان هەڵسەنگێنین، پێویستە ئاماژە بە چەند فاکتەر و پارامێتری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری و تاکەکەسیی پێکەوەگرێدراو بکەین، کە بە پرۆسەیەکی مێژووییدا تێپەڕیون و گۆڕانکارییەکی زۆریان لەو هەرێمەدا دروست کردووە، کە هیچ  پلان و بەرنامەڕێژییەکی زانستییانە لە پشت ئەو گۆڕانکارییانەدا نەبووە و لەبەر ئەوەی پرۆسەی گۆڕان و گەشەسەندنی هەرێم، پرۆسەیەکی سیستماتیک نەبووە، ئەم کۆمەڵگایە تووشی کۆمەڵێک لێکەوتەی نەخوازراو و بارودۆخی تایبەت وەك کێشە و زیانی کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی و ئابووری و تەنانەت تاکەکەسیش بووەتەوە، کە بەشێکی زۆر بەرهەمی ئەو گلۆبالیزاسیۆن و سیستمی سەرمایەداریی جیهانی و گۆڕانکارییە پیشەسازی و تەکنۆلۆژییەکانە.

لەبەر ئەوەی حکوومەتی هەرێم، لە سەرەتای پێکهێنانی لە دەیەی نەوەدەوە، تەنها ئەزموونی خەباتی چەکداری و پێشمەرگایەتی لە پشتی بووە و لە ئەزموونی حوکمڕانیی سیستماتیك بێبەش بوو، نەیتوانی بە شێوەیەکی زانستییانە کۆنترۆڵی گۆڕانکارییەکان بکات. دوای شەڕی ناوخۆیی ناسراو بە "براکۆژی" و دروستبوونی دوو ئیدارەیی و دوو حکوومەتی لە یەك هەرێمدا، ئەو دوو حکوومەتە بۆ بەڕێوەبردنی زۆنەکەیان، پشتیان بە ئابوورییەکی سەقەت لەسەر بنەمای گومرک و قاچاخ بەستبوو. دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003یەوە، کوردستان بە ڕەسمی دەبێتە هەرێمێکی فیدرالی و لە ڕووی ئابوورییەوە بە هۆی تەرخانکردنی بەشە بوودجەی هەرێم (هەرچەند بە ناتەواوییەوە)، هەروەها هاتنی کۆمپانیا زەبەلاحە جیهانییەکانی لە بواری نەوت و ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەمەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، دەبووژێتەوە و بە خێرایی دەوڵەمەند و بەهێز دەبێت. وڵاتی عێراق بە کوردستانیشەوە بە گوێرەی ڕێپۆرتی ڕابەری جیهانیی ئاستی گەندەڵیی وڵاتانی جیهان لە ساڵی 2018دا، 169ـەمین وڵات بووە لە گەندەڵیدا لە کۆی 180 وڵاتی جیهان (Transparency International, 2018). عێراق بە پێی ڕابەری ریزبەندی سیستمە دیموکراسییەکاندا، لەناو 167 وڵاتدا، لە پلەی 114هەمیندایە؛ واتە ئاستی دیموکراسیی عێراق لە هەندێ وڵاتانی ئەفریقا وەك وەك ماداگاسکار و نایجیریا و بورکینافاسۆ و ئۆگانداش خراپترە. هەروەها، لەناو 10 وڵاتی جیهاندا، کە لە هەڵبژاردنە سیاسییەکاندا گەندەڵی و تەزویر هەیە، عێراق چوارەم پلەی هەیە (The Economist Intelligence Unit, 2019). لەو دۆخە گەندەڵییەدا، دەوڵەمەندبوونی خێرای کەمینەیەك بە شێوەیەکی نایاسایی و نائاسایی بەبێماندووبوون، هەروەها دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە مووچەخۆران لەسەر بنەمای حیزبحیزبانێ، ڕێژەی ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتیی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بەرز کردووەتەوە. ڕکابەرایەتیی بەرپرسان لە دەوڵەمەندبوون و بەهێزتربوونیان لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی و قۆرخکردنی هەموو پرۆژەیەکی پارۆمەزن و ئەو سەرمایەگوزارییانەی کە هێزی ماددی و مەعنەویی زیاتریان پێ دەبەخشن، بووە هۆی دەوڵەمەندیی ئەوان و دەوروبەرەکەیان؛ وەکو: بازرگانی لە بواری نەوت، هاوردەکردنی بەرزترین و پێشکەوتووترین تەکنۆلۆژیا لە بواری بەرخۆری و خۆشگوزەرانی و ڕابواردندا؛ بۆ نموونە: هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی مودیلبەرز بەبێ پلان، هاوردەکردنی کەلوپەلی خۆراکی و بیناسازی لە وڵاتانی دراوسێ، کردنەوەی نوێترین و پێشکەوتووترین مۆڵ و شاپینگسەنتەر لە هەموو شارە گەورەکانی کوردستان، کردنەوەی هوتێل و ڕێستۆرانتی بێژمار، بەبێ ڕەچاوکردنی یاسا و پلانێکی ئابووری و ئیداری و لە بەرامبەردا، پشتگوێخستن و کەمتەرخەمی لە بواری خوێندن و تەندروستیدا، نیشانەی زاڵبوونی بەها ماددییەکانە بەسەر بەها مەعنەوی و نامادییەکان.

گرنگترین خاڵ لە تیۆرەکەی مێرتۆندا، تێکچوونی بنیادی کۆمەڵگایە، کە بەهاکان تووشی هەڵوەشانەوە و داڕمان دەبن. قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی قەیرانی ئابووریی قووڵ و درێژخایەن لە ئاکامی گەندەڵیی سەرتاپای وڵاتی عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستانیش بە تایبەتی، هەروەها پێوەبوونی کوردستان بە شەڕێکی نەخوازراو لەگەڵ ڕێکخراوی داعش و

داگیرکرانی بەشێکی زۆر لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستانیش بە دەست ئەو ڕێکخراوەوە، کوژرانی 1720 پێشمەرگە و برینداربوونی نزیکەی 11هەزاریش لەو شەڕەدا (Rudaw, 2019)، ئینجا کۆچی بەکۆمەڵ و ئاوارەبوونی نزیکەی ملیۆن و نیوێك لە کوردانی سووریا (ڕۆژئاوا) و هاووڵاتیانی عەرەب و مەسیحییەکانی دەشتی مووسڵ و ئێزدییەکانی شنگال بۆ هەرێمی کوردستان لە ئاکامی ئەو شەڕەدا، کە ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە و پەنابەران وای کردووە ژمارەی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 32% زیاد بکات و بەمەش حکوومەتی هەرێم بکەوێتە ژێر باری ئەرکێکی قورسەوە بەتایبەتی لە رووی ئابوورییەوە (Kurdistan24, 2018). دابەزینی لەناکاوی نرخی نەوت و سەرەڕای هەموو ئەوانەش بڕانی بەشە بوودجەی کوردستان لە لایەن بەغداوە، حکوومەتی هەرێمی ناچار کرد بۆ چارەسەری قەیرانی ئابووری، کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێم بە پلانی پاشەکەوتی مووچە چارەی بکات و ئەوەش بووە هۆی ناڕەزایەتیی فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێم و خۆپیشاندان و مانگرتنی بەشێك لە فەرمانبەران. ترسی ڕاپەڕینی جەماوەری دژ بە حکوومەت و کاربەدەستە سیاسی و ئابوورییەکانی هەرێم بە هاندانی هێزەکانی نەیاری دەسەڵات، هەروەها بەسیاسیکردن و قۆستنەوە و ئیستغلالکردنی ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییانە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە، قەیرانەکانی هەرێمی دوو ئەوەندەی کرد. کۆچی بەلێشاوی گەنجانی کورد بۆ هەندەران لە ئەنجامی بێکاری و بێهیوایی و ڕەشبینی و بێمتمانەیی بە دەسەڵات دەستی پێ کرد. مافیابازی و ڕانتخۆری لە ئاکامی سەروەت و سامانی بەدیهاتوو لە فرۆشتنی نەوت و تۆمەتبارکردنی یەکتری حیزبەکان و بەرپرسان لە سەر گەندەڵی، بووە تەوەری بەرنامەی ڕاگەیاندنەکان. ئینجا ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی زیاتر لە 90%ی دەنگی "بەڵێ بۆ سەربەخۆیی"، جگە لەوەی مشتومڕ و کێشمەکێشێکی درێژخایەنی ناوەکی و دەرەکیی دروست کرد، حکومەتی ناوەندیی عێراق، ئەو ریفراندۆمەی بە بەهانە وەردەگرێت و دەرفەتێك بۆی دەڕەخسێت تاکو هێرش بکاتە سەر خاکی هەرێم. خیانەتی هەندێك لە هێزە ناوەکییەکانی کوردستان، کە بە "خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر" ناسراوە، لەگەڵ یارمەتیی وڵاتانی دراوسێ و گلۆپی سەوزی هێزی هاوپەیمانان، بووە هۆی لەدەستدانی 51%ی خاکی هەرێم بە تایبەتی کێلگەنەوتییەکانی کەرکوك و دەوروبەری تەنها لە ماوەیەکی کەمتر لە 48 سەعاتدا. ئابلۆقەی ئابووری و سیاسی و ئیداریی حکوومەتی بەغدا و وڵاتانی دراوسێ، قەیرانەکانی هەرێمی کەڵەکەتر کرد. لە هەموو گرنگتر لە ماوەی نزیکەی 30 ساڵ حکوومەتی کوردی، هێشتا کێشەی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەك کارەبا، ئاو، ڕێگاوبانی گونجاو و سووتەمەنی بۆ هاووڵاتیان، چارەسەر نەکراوە. بێسەروبەری لە ڕاپەڕاندنی کاروباری خەڵك لە ئیدارە و دامەزراوەکانی حکوومەت و کارپێکردن بە سیستمێکی بۆرۆکراسییەکی ناتەندروست کە لەسەر بنەمای واستەکاری و خاترگرتن (Favoritism) و خزمخزمانێ (Nepotism) وەستاوە، هاووڵاتیانی ماندوو کردووە و هەست بە نایەکسانی و بێعەدالەتی و بێبەشبوونی ڕێژەیی دەکەن هەم لە خزمەتگوزاری و هەمیش دەرفەتە خۆشگوزەرانییەکاندا؛ لە ئەنجامی دابەشنەبوونی دادپەروەرانەی سامان، جیاوازیی چینایەتیی نێوان هەژار و دەوڵەمەند و نێوان منداڵانی ڕەشۆك و مەسوولەکان بە زەقی دروست بووە. دوورکەوتنەوەی خەڵك لە بەهای مرۆڤایەتی و دینی و مەعنەوی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و نیشتیمانیی کۆن و توانەوەی لەگەڵ بەها نوێیەکانی گلۆباڵیزم و کاپیتالیزمی ماددەگەرای بێڕەحم و تواندنەوەی هەموو بەها مەعنەوەییەکانی کۆن، هەروەها بەبتبوونی پارە و سەرمایەی ماددی و دروستکردن و پێواندنی شتە ناماددییەکانی وەك پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بنەما و پێوانەی پارە و قازانج و بەرژەوەندیی کەسێتی، بووەتە هۆی سەرلێشێواوی تاکەکان و بزرکردنی ناسنامە و شوناسی کوردایەتی و ئیسلامەتی. ژمارەی زۆری ئاراستەی جۆراوجۆر و تەنانەت دژبەیەکی ئەو هەموو حیزبە عیلمانی و ئیسلامییە کوردییانە، ئەو لەخۆنامۆبوونەی تۆختر کردووە. لە ئاستی تاکەکەسیشدا، ژیانبەسربردنی هاووڵاتیان لەو دۆخە ئاڵۆزە و پرگوشارەدا، ڕێژەی کێشە و "نەخۆشییە دەروونییەکان"ی وەك: خەمۆکی، ترس و دڵەڕاوکێ، وەسواسی، گۆشەگیری، بێزاری لە خۆ و لە ژیان، نامۆبوون، خووپێوەگرتن و بێخەوی، "نەخۆشییە جەستەییەکان"ی وەك: شەکرە، گوشاری خوێن، قەڵەوی، دڵ و شێرپەنجە، هەروەها "کێشە کۆمەڵایەتییەکان"ی وەك: تەڵاق، خۆکوژی، خۆسووتاندن، توندوتیژی، خراپبەکارهێنانی ئینتەرنێت، ناتەبایی و ناپاکیی خێزانی، لەگەڵ "تاوان و لادانە کۆمەڵایەتییەکان"ی وەك: کوشتن، ڕفاندن، تیرۆر، گەندەڵی، دزی و گزی، دەستدرێژیی سێکسی، کحول و ماددە هۆشبەرەکانی بەرز کردووەتەوە.

هەموو ئەمانە کۆمەڵێک گۆڕاو و پارامێتری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری و تاکەکەسیی باش و خراپن کە نیشانەی شپرزەیی و ئاڵۆزیی لە بنیاد و پێکهاتەی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستانە کە تەنیا بە درێژایی کەمتر لە 30 ساڵدا بە سەریدا هاتووە و ئەزموونی کردووە. ناهاوسەنگی لە نێوان ئامانجەکان و ئامرازەکان بۆ زۆرینەی دانیشتووانی کۆمەڵگا دروست بووە و ئەو ئامانجانەی کە لە لایەن ڕاگەیاندن و سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگا زەق کراون و بوونەتە بەهای کولتووری و کۆمەڵایەتی و بە سەرکەوتن دەژمێردرێن، تەنها بۆ کەمینەیەك دەستەبەر دەکرێن و زۆرینەی کۆمەڵگا ناتوانن لە ڕێگە ڕەوا و باو و

بەدامەزراوەییبووەکان بگەنە ئەو ئامانجانە؛ بۆیە ئەم هەلومەرج و گۆڕانکارییانە لە هەرێمی کوردستاندا، کە "گەشەسەندنێکی ناهاوسەنگ" (Uneven Development) ، یان وەك کۆمەڵناسان گوتەنی، "دواکەوتنی کولتووری" (Cultural Lag) و "گەشەی ناسەقامگیر" (Unsutainable Development) لێکەوتووەتەوە، بە تەواوەتی پەیوەندییان بەو دۆخە ئەنۆمیکەوە هەیە و پێویستە پلاندارێژەران و ستراتیژیستەکان و کاربەدەستانی هەرێم، ڕەچاوی بکەن و بەرنامەی گونجاو بۆ ئیدارەکردنی ئەو دۆخە دابڕێژن.

**7- دەرئەنجام:**

لەم توێژینەوەدا، هەوڵ درا کە لە ڕێگەی پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی مێرتۆن و کۆمەڵناسانی دیکە کە تیۆرەکەی مێرتۆنیان تەفسیر کردووە، خوێندنەوەیەکی تیۆریك بۆ "تیۆری ئەنۆمیی مێرتۆن" بکەین و باس لە هۆکاری پەیدابوونی دۆخی ئەنۆمیکی کۆمەڵگا بکەین. گەڕان بە دوای مانای ئەنۆمی لە کتێب و ئاسەواری مێرتۆندا، ئێمەی گەیاندە ئەو ئەنجامەی کە ئەنۆمی بریتییە لە نەمانی ڕێسا و یاسا (بێپێوەری) و، دۆخی ئەنۆمیکیش بریتییە لە دۆخێکی ئاڵۆز، شێواو، لێکپچڕاو، بێنۆرم و بێپێوەر؛ بەم پێیە کۆمەڵگای ئەنۆمیك بریتی دەبێت لەو کۆمەڵگایەی هیچ نۆرم و ڕێسا و بەها کۆمەڵایەتی و دینییەکی زاڵ و قسەبڕی تێدا نەماوە، تاك بە پێویستی بزانێت یاخود بە ناچاری بەو پێیە بجووڵێتەوە.

مێرتۆن، بە پێچەوانەی دۆرکهێمەوە ــ داڕێژەری بیرۆکەی ئەنۆمی لە کۆمەڵناسیدا ــ هۆکاری سەرهەڵدانی ئەنۆمیی نە بۆ گۆڕانی خێرای سیستمی ئابووری لە کۆمەڵگادا دەگەڕێنێتەوە، نە بۆ دەروونی تاك کە خاوەنی هەوەس و ئارەزوویەکی تێرنەبووی سەرکێشە؛ بەڵکو بۆ بنیاد و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی کۆمەڵگای دەگەڕێنێتەوە، گەربێتو هاوسەنگی و سازان لە نێوان هەردوو توخمەکە واتە "ئامانجی کولتووری" و "ئامرازی دامەزراو"دا نەمینێت؛ بەو واتایەی کە بازنەی ئاوات و ئامانج و بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان کە لە لایەن کۆمەڵگاوە خولقێنراون، هەتا دێ گەورەتر و بەرفراوانتر دەبێت (وەك بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزبەرز، دەسەڵات و پێگەی بڵند، داهاتی زۆر و دەوڵەمەندی، ناسینی کەسانی دەسترۆیشتوو و پەیداکردنی واستە و ئاشناوڕۆشنا)، بەڵام بازنەی ئەو ڕێگا و ئامرازانەی کە لە کۆمەڵگادا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دیاریکراوانە، سەپێندراون و بەدامەزراوەیی و بەیاسایی سەیر دەکرێن، هەتا دێ بچووك و بەرتەسك دەبێتەوە و تەنها کەمینەیەك ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێت کە بگەنە ئەو ئامانجانە؛ بۆیە خەڵکی ئاسایی ناچارن پەنا ببەنە بەر ڕێگا و ئامرازی دیکە کە کۆمەڵگا بە پەسەند و بەجێی نازانێت و، بە ڕەفتارێکی دژە یاسا و ڕێسای لەقەڵەم دەدات.

بە گوێرەی ئەم تیۆرە، پێشکەوتنی خیرای سیستمی سیاسی، ئیداری، ئابووری و ئیکۆلۆژیی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە دوای ساڵی 2003ەوە، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە بنیادی کۆمەڵگا و گۆڕان لە بەها کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان. دەوڵەمەندیی خێرای کەمینەیەك، دەبێتە هۆی مەودای نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان؛ تا ڕادەیەك کە هەژاران و ژێردەستان هەست بە نادادپەروەری و بێبەشی دەکەن و ئەمەش ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێک لە سنوور و بەربەستەکان وەلا بنرێن و ئەو نۆرم و ڕێسایانەی کە ئەرکیان ڕێکخستنی کردەوە و ڕەفتارەکانە، لاواز دەکات و هێزی دەروونیی تاکەکان لەبارەی ڕەزامەندی و تێربوونی ئاوات و خواستەکان بەردەوام دەورووژێنێت و وای لێ دەکات هەست بە تێری نەکات و هەمیشە خۆی بە چاوبرسی و نیازمەند بزانێت؛ چونکە ئامانجی کولتووری بەردەوام لە لایەن کەمینە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەوە، برەو پێ دەدرێت و خەڵکی ئاساییش لەپیناو گەیشتن بەو ئامانجانە، هەموو کارێکی دەکەن، تەنانەت دژ بە یاسا و ڕێسای کۆمەڵگاش بێت.

مێرتۆن لە تایپۆلۆژییەکەیدا پێنج ڕەفتار و پەرچەکرداری دیاریکراو لە ئەنجامی کارلێکی نێوان ئامراز و ئامانجە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەخاتە ڕوو، کە بریتین لە:

- **دۆخی ئاسایی و نۆرماڵ:** ئەو کاتەیە وا لە نێوان ئامانج و ئامرازدا هاوسەنگی هەیە و، تاك هەردووکیانی پێ قبووڵە و ڕەچاویان دەکات؛ مێرتۆن بەو کردارە دەڵێ: سازان.
- **دۆخی نائاسایی و ئەنۆمیك:** ئەو کاتەی وا هاوسەنگی و گونجانەکەی نێوان ئامانج و ئامراز تێك بچێت، کە خۆی لە چوار حاڵەتدا دەبینێتەوە:

1. ئەگەر تاك ئامانجی پێ پەسەند و ڕەوا بێت، بەڵام ئامرازەکەی بە لاوە شیاو نەبێ و بە دوای ئامرازی نوێدا بگەڕێ و ڕێگای دیکەی بۆ بدۆزێتەوە، بە بەرتیل و دزی و گزی و... کاری خۆی جێبەجێ بکات، کە مێرتۆن بەو کردارە دەڵێ: **داهێنان؛** وەکو تاوانەکانی دزی، ئیختلاس، بەرتیل، گزی و ساختەکاری، زیانگەیاندن بە سامانی گشتی و هتد.

2. ئەگەر تاك بڕوای بە ئامانجی کۆمەڵگاپەسەند نەبێ، بەڵام لە ڕووی ناچارییەوە ڕەچاوی ڕێگا و ئامرازی باو بکات، حاڵەتێکی ئەنۆمیك دێتە ئاراوە، کە مێرتۆن پێی دەڵێ: **ڕەچاوکردنی ڕێوڕەسم**؛ وەکو ئەو فەرمانبەرانەی کە لە ڕووی ناچارییەوە پابەندی یاسا و ڕێسای دامەزراوەکەیان دەبن.
3. ئەگەر تاك، نە بڕوای بە ئامانج هەبێ و نە ئامراز، خۆیشی هیچ ئامانج و ئامرازێکی نوێی پێ نەبینرێتەوە و دەستەوەستان بوەستێت، ئەوا تووشی حاڵەتێکی ئەنۆمیك دەبێت، کە ناوی لێ دەنێت: **گۆشەگیری**؛ وەکو ئەوانەی کە پەنا بۆ ماددەی هۆشبەر و سەرخۆشبوون دەبەن، یان تووشی خەمۆکی و نامۆبوون و بێزاری لە ژیان دەبن.
4. بەڵام ئەگەرهاتو پاش ڕەدکردنەوەی ئامانج و ئامرازی باو، هەوڵی داهێنانی ئامانج و ئامرازی دیکە بدات، ئەوا ڕەفتاری ئەنۆمیك دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، کە پێی دەڵێت: **یاخیگەری**؛ وەکو ئەو کەسانەی کە خۆپیشاندان دەکەن، یان دەبنە ئەندامی حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن، یان کۆدەتاچی و شۆڕشگێڕ.

## پەراوێزەکان:

[1] ئەم پەیپەرە، بەشێکە لە نامەی تێزی دکتۆرای قوتابی "فائیز ئیبراهیم محەمەد" لە بەشی کۆمەڵناسی بە ناونیشانی: "ئەنۆمیی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر" بە سەرپەرشتیی بەڕێزان: د. تاهر حسۆ زێباری (زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر)، د. ئەحمەد محەمەدپوور (زانکۆی ماساچۆسێتی ئەمریکا).

[2]. قوتابیی دکتۆرا لە بەشی کۆمەڵناسی/ کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر: faezco@yahoo.com

[3] . پرۆفیسۆر و مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر/ کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی:

tahir.zebari@su.edu.krd

[4] . پرۆفیسۆری یاریدەدەر و مامۆستای زانکۆی ماساچۆسێت/ ئەمهێرستی ئەمریکا، بەشی ئەنترۆپۆلۆژی:

amohammadpour@umass.edu

[5]. Robert King Merton.

[6] . Social Structure and anomie

[7]. Social Structure and anomie: revisions and extensions

[8] . Social Theory and Social Structure

[9] . Social-Cultural environment and anomie

[10] . Continuities in social theory and anomie

[11] . Anomie, Anomia and Social interaction

## سەرچاوەکان:


Besnard, Philippe. (1978). ***'Merton a la recherche de l'anomie'***, Revue française de sociologie, 19-1, Jan-March, pp. 3-38.

Borgetta, Edgar F. (2000). ***'Encyclopedia of Sociology, Second Edition'***, New York, Macmillan Reference USA.

Durkheim, Emil. ([1893]1994). ***'Division of Labor in Sociology'***, Trans by W. D. Hall, London: Macmillan.

Durkheim, Emil. ([1925] 1974). ***'L'education Morale',*** Paris: Quaridge/PUF.

Durkheim, Emil. ([1928]1967). ***'Socialism'***, Trans by Alvin W. Gouldner, NY: Collier Book.

Durkheim, Emil. ([1897]1952). ***'Suicide: A Study in Sociology'***, Trans by John A. Spaulding & George Simpson, London: Routledge and Kegan Paul, Ltd.

Hsieh, Hsiu- Fang & Shanon, Sara E. (2005). ***'Three Approaches to Content Analysis'***, Qualitativr Health Research, Vol.15, No.9. pp.1277-1289.

Hilbert, Richard A. (1989). ***'Durkheim and Merton on Anomie'***, An Unexplored Contrast and Its Derivation, Social Problems, 36-3, June, 242-250.

Merton, Robert K. ([1957]1968). ***'Social structure and Social Theory'***, NY: The Free Press.

Mestrovic, Stjepan G. (1985). ***'Anomie and Sin in Durkheim's Thought'***, Journal of Scientific Study of Religion, 24(2), 119-136.

Ortmann، R. (2000). ***'Anomie as a Consequence of Disturbances of Equilibrium in Case of suddenly Occurring Social or Personal Changes'***, Annual Meeting of the American Society of Criminology Sun Francisco, USA.

The Economist Intelligence Unit (2019). ***'Democracy Index 2018: Me Too?'***. The Economist Intelligence Unit. Retrieved 13 January 2019.

Transparency International (2018). *'Corruption Perception Index 2018'.* Retrieved 16 May 2019. From: https://www.transparency.org/cpi2018.

آبادینسکی، هووارد (2003). ***"جامعەشناسی مواد مخدر"***. ترجمە: محمد علي زكريايي. تهران: دبيرخانه ستاد مبارزه با مواد مخدر.

ئەنجوومەنی دادەوەریی هەرێمی کوردستان (2017). ***"ئاماری داواکانی بەردەمر و پەکلاکراوە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە (2017/1/2) تاوەکو (2017/12/31)"***. بەڕێوەبەرایەتی پلان و ئامار.

بهرامی، د. هادی (2004). ***"اعتیاد و فرایند پیشگیری"***. تهران: انتشارات سمت.

پۆرتاڵی ڕووداو (2019). ***"جەبار یاوەر: لە شەڕی داعش هەرێمی کوردستان هەزار و 720 شەهیدی هەیە"***. وەرگیراوە لە ڕێکەوتی (2019/1/3): http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0103201921

خاکی، غلامرضا (2003). ***"روش تحقیق با رویکرد به پایان‌نامه نویسی"***. تهران، نشر بازتاب.

دەستەی ئاماری هەرێم (2019). ***"ئاماری دانیشتووان و هێزی کاری"***. وەزارەتی پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کودرستان: http://www.krso.net

رفیع‌پور، فرامرز (2000). ***"آنومی یا آشفتگی اجتماعی"***. تهران: انتشارات سروش.

کوردستان24 (2018). ***"دیندار زێباری داوای هاوکاری بۆ پەنابەرانی هەرێمی کوردستان لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات"***. وەرگیراوە لە ڕێکەوتی (2018/6/20): http://www.kurdistan24.net/so/news/7a364d07-4cbb-48c6-b843-0c87170442ad

گیدنز، آنتونی [1383] (2004). "***جامعه‌شناسی***". ترجمه: منوچهر صبوری. تهران: نشر نی.

محسنی تبریزی، علیرضا [1372](1993). "***بیگانگی مفهوم سازی و گروه‌بندی تئوریها درحوزه‌های جامعه‌شناسی و روان‌شناسی***". جامعه‌شناسی هنر و ادبیات، نامه علوم اجتماعی، 5، 25-74.

محمدپور، احمد و دیگران (2010). ***"روشهاي تحقيق تركيبي به عنوان سومين جنبش روش‌شناختي: مباني نظري و اصول عملی"***. فصلنامه جامعه‌شناسی کاربردی، سال 21، شماره 38، صص 77-100.

## The factors of Social Anomie according to Merton's theory

**Faez Ibrahim Muhammad**
Collage of Arts - Department of Psychology / Salahaddin University-Erbil

**Tahir Hesso Zebari**
Collage of Arts - Department of Psychology / Salahaddin University-Erbil

**Ahmad Muhammad Pour**
University of Massachusetts

**Abstract**

This research examines Merton's theory of Anomie, through the Literature Review for determining the causes of the social anomie and increase the proportion of crimes and social problems in Kurdistan Region. The methodology of this research is a Mixed Method approach using quantitative secondary data (official statistics) and qualitative data (literature review and content analysis of the Merton's works). If we look at the situation of society, we can deduce factors in Merton's theory of crime (61,322 cases) in 2017: "The disintegration of the social structure of society" and "The imbalance and inconsistency between cultural goals and institutionalized means" which lead to an increase in social Dissatisfaction and anomie and crimes and social deviations.

**Keywords:** Anomie, Merton, Social Structure, Normlessness, Crime and social deviation.

## عوامل الأنومی الإجتماعی من وجهة نظر نظرية مرتن

**ملخص**

يتناول هذا البحث "نظرية الأنومي" لروبرت مرتن، من خلال مرور النصوص والآثار لهدف تحديد أسباب ظاهرة الأنومي الإجتماعي و زيادة نسبة الجرائم والإنحرافات الإجتماعية في إقليم كوردستان. منهج هذا البحث، منهج تركيبي من الكمي والكيفي من خلال إستخدام البيانات الثانوية الكمية (كأسناد و الإحصائيات الرسمية) والكيفية (مرور النصوص و تحليل المحتوى لكتب مرتن). لو نظرنا إلى وضع المجتمع في إقليم كوردستان تمكنا من إستنتاج عوامل في إطار نظرية دوركايم لنسبة الجرائم (61,322 حالة) فی عام 2017، وهی: "التفكك والإختلال فی البناء الإجتماعی للمجتمع" و "عدم التوازن و التناسق بين الأهداف الثقافية و الوسائل المؤسساتية" التي تؤدي إلى الأنومي وإزدياد نسبة الجرائم . إن قراءة مثل هذه النظريات خاصة تلك التي بإستطاعتها تفسير وتحليل هذة الأوضاع، تساعد الباحثين الإجتماعيين ولذلك لها أهميتها الكبيرة.

**الكلمات المفتاحية:** الأنومي، مرتن، البناء الإجتماعي، اللامعيارية، الجريمة والإنحراف الإجتماعي.